# کاریگەریی شانۆی داستانی لەسەر شانۆی کوردی برتۆڵد برێخت بەنموونە

کیفی احمد عبد القادر [۱] ژیلوان طاهر باپیر [۲]

[۱] بەشی زمانی کوردی، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[۲] بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، تیشکێك دەخاتە سەر تیۆری شانۆی داستانی نوسەر و دەرهێنەری ئەڵمانی (پرتۆڵد برێخت) ، کە وەك شێوازێك لەسەر شانۆی درامی توانی ئەم شێوازە شانۆییە بهێنێتە نێو بزوتنەوەی شانۆی نوێی جیهانیی و، ببێتە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ لەبواری شانۆدا لە سەرانسەری جیهاندا دەنگبداتەوە، جیهانی شانۆی عەرەبیی و کوردستانیش بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ و، تاکو ئێستاش کارکردن لەسەر ئەم تیۆرییە شانۆییە بەردەوامە، هەروەها لە بزوتنەوەی شانۆی کوردیدا، هەر لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو تاکو ئەمڕۆ، چەندین دەرهێنەری کورد کاریان لەسەر ئەم شێوازە شانۆییە کردووەو، ڕەنگدانەوەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بینەری کوردیی هەبووە، چونکە لە فەلسەفەی (برێخت) دا مرۆڤ و ئەرك و مافەکانی جێی بایەخ و گرنگیپێدانن لە شانۆی داستانیدا، کە شانۆیەکی فێرکارییە و، چەمکی نامۆبون لەم شێوازەی شانۆدا جێی بایەخپێدانە، دیواری چوارەم لەم شێوازەی شانۆدا لابردراوەو، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان نمایشکاران و بینەردا دروستبووە. بۆ بەرێوەچوونی لێکۆڵینەوەکەمان بەشێوەیەکی زانستی سەرەتا چەند پرسیارێکمان خستۆتەڕو، کە لەدوتوێی توێژینەوەکەدا وەڵام ماندا‌ونەتەوە، وەکو ئایا ئەو شێوازەی شانۆی جیهانییە لەنێو شانۆی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە؟ ئایا ئەو ڕەنگدانەوەیە ڕەگەز وتەکنیکەکانی شانۆی گرتۆتەوە؟ ئەو دەرهێنەر وکارە هونەرییانەی ئەو شێوازەی تێدا بەرجەستەبووە کێن وچین؟ ئایا بارودۆخی کوردستان هۆکار ورێخۆشکەر بووە بۆ ئەو شێوازە؟ هتد، توێژینەوەکەمان لە دوبەش پێکهاتووە، هەر بەشەش چەند تەوەرێکی لەخۆگرتووە، لەگەڵ ئەنجام وناوی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە.

**وشە سەرەکییەکان:** بینەر، شانۆ، شانۆی داستانی، شانۆی ئەرستۆیی، ئەکتەر

---

## ١. پێشەکی

پرتۆڵد برێخت لە ڕێگای شانۆی داستانی و ستایلە شانۆییەکەیەوە، کە بووەتە فێرگەیەکی شانۆی هاوچەرخ، توانی شەقڵێکی نوێ بە هونەری شانۆی نوێ ببەخشێت " ئەمەش لەژێر کاریگەریی شانۆی مایرهۆڵد و بسکاتۆرەوە بوو، کە توانی ئاڕاستەی شانۆی درامی (ئەرستۆیی) بگۆڕێت بۆ شانۆی داستانی" (الشرقاوی، ٢٠٠٢). لە ڕێگەی فەلسەفە و تەکنیکی نوێی شانۆوە، توانی ببێتە یەکێك لە پێشڕەوانی شانۆی هاوچەرخ، کە بە(نامۆبون) ئاماژەی پێدەکرێت، هەروەها توانی خۆی بە تەواوی لە چەمك و بنەماکانی شانۆی ئەرستۆ جیا بکاتەوە، شێوازێکی نوێ بهێنێتە نێو شانۆوە. برێخت لە بواری نوسین و دەرهێنانەوە توانی تەکنیکێکی نوێ پێشکەشی شانۆ بکات و، ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی لەسەر ئاستی شانۆی جیهانیدا هەبێت، توانی بەشێوەیەکی تیۆریی و پراکتیکیی ستایلە شانۆییەکەی بڵاوبکاتەوە، هەروەها چەندین دەقی شانۆیی گرنگ بنوسێت، وەکو " ئۆپێرای سێ قورش، دایکە ئازاکە، بنەماو دەرەکی، مرۆڤی پاك، پۆنتێلا و ماتی، بازنەی تەباشیریی قەوقاز، ژیانی گالیلۆ...هتد" (صلیحة، ١٩٩٧). برێخت باوەڕی وایە، کە شانۆی داستانی پەیوەستە بە پێرفۆرمانسی ئەکتەر و تەکنیك لەسەر شانۆ و تێکستی شانۆنامەکانی لایەنی فێرکاریی بەخۆیەوە دەبینێ و، پەیوەندی دروست لەنێوان نمایشکاران و بینەران لەسەر بنەمایەکی فیکریی و هونەریی و ستاتیکی دروست دەکات.

شانۆی داستانی لەگەڵ هزر یان بیری وەرگر دەدوێت، نەك هەست و سۆزی، چونکە لە شانۆی برێختدا مرۆڤ گۆڕانخوازە، مرۆڤیش هەمیشە لە ڕەوڕەوەی ژیانیدا لە گۆڕانکاریدایە، هەروەها بونی مرۆڤ بەستراوەتەوە بەو ئایدیایەی، کە باوەڕی پێی هەیە و، دەتوانێت گۆڕانکاریی لەنێو کۆمەڵدا دروست بکات.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ٢ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٣ ئەیلوول ٢٠١٨؛ پەسەندکردن: ٢٧ کانوونی دووەم ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: kaify.ahmad@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ کیفی احمد عبدالقادر، ژیلوان طاهر باپیر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp32-38

شانۆی داستانی گێڕانەوەی ئەو ڕوداوانەیە لەسەر زاری حیکایەتخوان، کە لەڕابردودا ڕویانداوە، ڕوداوەکان بەدوای یەك و زنجیرەیی نین، بەڵکو پچڕ پچڕن، هەر بۆیە برێخت لەمیانی نمایشدا ڕوداوەکان مۆنتاژ دەکات، هەندێکیان نمایش دەکات، هەروەها لەنێوان دیمەنەکاندا گۆرانیی و موزیك هەیە، کە دیمەنەکان لە یەکدی جیادەکاتەوە، هەر بۆیە بینەران ڕوداوی واقیعی نابینن، بەڵکو ئەوەی دەیبینن لە ڕابردودا ڕویانداوە "برێخت لێناگەڕێ ئەکتەرەکان ڕۆبچنە نێو قوڵایی نواندن، چونکە لە نواندنی شانۆی داستانی ئیلهام و ئیندیماجی تەواو نییە و ئەکتەرەکان لە سەرەتای نمایش تاکو کۆتایی چەندین ڕۆڵ لە زەمەنی جۆراوجۆردا دەبینن، چونکە برێخت بڕوای بە ڕۆڵی قەدەر نییە لە بەڕێوەبردنی ڕوداوەکاندا " (برێخت، بێ مێژو). هەر بۆیە شانۆی داستانی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شانۆی واقیعیدا هەیە، کە پشت بە تیۆرەکانی (ئەرستۆ) دەبەستێت، هەروەها جیاوازییەکی ئێجگار زۆر لەنێوان شانۆی (واقیعی) و شانۆی (داستانی) دا هەیە، هەر لە شێوە و نێوەرۆك و فیکر و فەلسەفەدا.

شانۆی داستانی هەڵگری ئایدیۆلۆژیای بیری سۆسیالیستییە، کە داکۆکی کردنە لە ژیانی کرێکاران و ڕەنجدەران، لە دژی سیستەمی سەرمایەداریی و بۆرژوا و دکتاتۆریەت، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ دید و فەلسەفەی (مارکسی-) ، هەر بۆیە ئەم شانۆیە لەنێو بزوتنەوەی نوێی شانۆی کوردیدا جێی خۆی کردووەتەوە، چونکە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو بەدەست ڕژێمە دکتاتۆرییەکانی ئێراقی پێشو چەوساوەتەوە، کە هەمیشە هەوای ئازادیی لێ زەوتکراوە، هەر بۆیە بینەری کورد و شانۆی کوردیی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شانۆی داستانی (برێخت) ، هەروەها چەندین دەقە شانۆیی ئەم شانۆکارە بلیمەتە لە شارەکانی کوردستان نمایشکراون و بونەتە ئەزمونێکی گرنگ، بەتایبەتی لە قۆناغی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردو، تاکو ئێستاش بیر و ئەندێشەی شانۆی داستانی (برێخت) هەر زیندووە و لە هەموو سەردەمەکاندا تا ڕۆژی ئەمرۆ کاریگەریی خۆی لەسەر هۆشیارکردنەوەی بینەران لەسەر ئاستی فیکریی و هونەریی و ستاتیکیدا.

## ١.١ گرنگی توێژینەوەکە

میتۆدی شانۆی داستانی گرنگە، چونکە زانیاری نوێ بە وەرگر دەبەخشێت، بۆنمونە:

١. شانۆی داستانی (برێخت) شانۆیەکی بەراوردکارییە لەگەڵ شانۆی دڕامی (ئەرستۆ).
٢. ئەم شانۆیە، شانۆیەکی فێرخوازییە، کە زانیاریی نوێ بە بینەران دەبەخشێت، هەروەها بینەران لە نمایشی شانۆی داستانی (برێخت)، وەکو ڕەخنەگر و بڕیاردەر بەشدارن.
٣. لە شانۆی داستانی (برێخت) پەردەی چوارەم لەنێوان نمایشکاران و بینەران هەڵگیرا، هەروەها چەمکی نامۆبون (التغريب) لەم شێوازەی شانۆدا بۆ یەکەمجار بەکارهێنرا.

## ١.٢ ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکەمان ئەوەیە، کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوەو بیسەلمێنین، کە تاچەندە ئەو میتۆدە، واتە شانۆی برێختی کاریگەریی لەسەر شانۆی کوردیی جێهێشتووە؟ ئایا شانۆکارانی کورد لە کارە شانۆییەکانیاندا بەو ڕێبازە کاریگەر بوین و لە نێو کارە هونەرییەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە؟ ئایا شانۆی داستانی (برێخت) لەگەڵ فیکر و فەلسەفە و ئایدیای شانۆکاری کورددا چەندە گونجاوە، ئایا کاردانەوەی شانۆی داستانی (برێخت) لەسەر خەیاڵ و فیکر و ئەندێشەی بینەران چییە؟

## ٢. پوختەی ژیانامەی نوسەر و دەرهێنەری جیهانی (پرتۆڵد برێخت)

- سالْی ١٨٩٨ لە ئۆگسبیرگ لە باوەشی خێزانێکی دەوڵەمەند لە دایك بووە.
- ساڵی (١٩١٣ – ١٩١٧) لەو کاتەی قوتابی قۆناغی دواناوەندی بووە، شیعر و چیرۆك و وتاری بڵاوکردۆتەوە.
- ساڵی ١٩١٧ لە زانکۆی میونخ دەستی بە خوێندنی زانستەکانی سروشتیی پزیشکی کردووە.
- ساڵی ١٩١٨ بۆ ماوەیەکی کەم لە ڕیزی سوپادا وەك یاریدەدەری برینپێچ خزمەتی کردووە.
- ساڵی ١٩٢٢ شانۆگەری گاڵتەجاری (دۆڵ کوتان لە شەودا) پێشکەش کردووە. بەهۆیەوە خەڵاتی (کلایست) ی ساڵی (١٩٢٢) ی وەرگرتووە.
- ساڵی ١٩٢٥ لە بەرلین چۆتە پاڵ شانۆی ئەڵمانیا.
- لە ساڵی ١٩٢٦ دەستی بە خوێندنی ماتریالیزمی دیالیکتیك کردووە و، چۆتە قوتابخانەی کرێکارە مارکسییەکان.
- لە ساڵی ١٩٢٨ یەکەمین نمایشی ئۆپێرای (سێ قورشەکە) ی پێشکەش کردووە.
- لە ساڵی ١٩٣٢ شانۆیی (دایك) ی پێشکەش کردووە، کە لە ڕۆمانی (دایك) ی (مەکسیم گۆرکی) ئامادەی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٣٣ دوای ئەوەی (هیتلەر) دەسەڵاتی لە ئەڵمانیا گرتۆتە دەست، ئەم هونەرمەندە پێشکەوتنخوازە بۆ دانیمارك و سوید و فنلەندا سەفەری کردووە و، نازیەکانیش لە ئەڵمانیا ئاگریان لە کتێبەکانی بەرداوە.
- لە ساڵی ١٩٣٥ لە کۆنگرەی جیهانی کتێبدا، کە لە پاریس بەستراوە، بۆ بەرگری کردن لە ڕۆشنبیریی بەشداریی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٤٣ سیناریۆی فیلمی (جەللادەکانیش دەمرن) ی نوسیوە.
- لە ساڵی ١٩٤٧ شانۆیی (گالیلۆ) ی لە کالیفۆرنیا و نیۆرك نمایش کردووە.
- لە ساڵ ١٩٤٩ تیپی شانۆیی (برلیند ئینسامیل) ی دامەزراندووە، کە خۆی و ژنە ئەکتەرەکەی (هیلین فایگل) بەڕێوەیان بردووە.
- لە ساڵی ١٩٥٠ بۆتە ئەندام لە ئەکادیمیای هونەرەکانی ئەڵمانیا.
- لە ساڵی ١٩٥١ نامەیەکی کراوەی ئاڕاستەی هونەرمەندانی ئەڵمانیا لە دژی هەڵگیرساندنی جەنگ کردووە.
- لە ساڵی ١٩٥٤ بۆتە جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای هونەرەکانی ئەڵمانیا.
- لە چەندین میهرەجانی جیهانی شانۆ خەڵاتی بەدەست هێناوە.
- لە ١٤ ی ئابی ١٩٥٦ (برێخت) ی مەزن لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە. (حاجی، ١٩٩٨)

## ١.٢ شێوازی کارکردن لە قوتابخانەی شانۆی (برێخت) دا (١٨٩٦ – ١٩٥٦)

شانۆی داستانی (برێخت) لە سەرەتادا شانۆیەکی ئەزمونگەریی بووە، کە لەژێر کاریگەریی شانۆی تەعبیرییدا بووە، پاشان دوای چەندین نمایش ستایلێکی تازەی بەخۆیەوە بینیوە، بەناوی شانۆی (داستانی)، کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەموو قوتابخانە و ستایلە شانۆییەکانی دیکەدا هەیە. کەواتە شانۆی داستانی بریتییە لە

"گێڕانەوەی ئەو ڕوداوە ئەفسوناویانەی، کە لە چیرۆك و داستان و ئەفسانەدا سەرچاوەیان گرتووە یان زیندوکردنەوەی ئەو ڕوداوە مێژووییانەی، کە لە زاکیرەی مرۆڤدا لە نەوە بۆ نەوە گواستراوەنەتەوە و کاریگەریان لەسەر فیکر و خەیاڵدا دروستکردووە، بۆ ئەم مەبەستە لە شانۆی داستانیدا حیکایەتخوان پوختەی ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە و ئەکتەرەکان بەشێوەی نواندن ناوەرۆکی ڕوداوەکان ڕون دەکەنەوە، (برێخت) بۆیە ناوی شانۆکەی خۆی ناونا (شانۆی داستانی) بۆ ئەوەی لە شانۆی ئاسایی یان لە شانۆی درامی جیای بکاتەوە" (کلۆیف، ١٩٧٢) هەر بۆیە دەتوانین بڵێین، کە شانۆی داستانی شانۆیەکی فێرخوازیی بووە، پشتی بە تیۆری مارکسی بەستووە، کە بانگەشەیەك بووە بۆ فیکری سۆسیالیستی. شانۆی فێرخوازیی لای برێخت " نمونەیەکە لە شانۆی ئایندە بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لەسەر بنەمایەکی فیکریی و هونەریی و ستاتیکی، (برێخت) هەمیشە جەختی لەسەر ئەو تێڕوانینە دەکردەوە، کە پێویستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەشداربن لە بەرهەمهێنانی پرۆژەی فیکری و ستاتیکی، ئەمەش لەپێناو گۆڕینی شێوازی ژیان لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری لە شانۆی (برێختدا) لە ڕێگەی هونەرەکانی فێرکردن(وسائل تعليمي) هەموو شتێك بۆ بینەر ڕوندەکرایەوە، و وەکو نمونە لەسەر شانۆ پیشاندەدرا لە ڕێگەی کەرەستەی بینین و بیستن و نمایشکردن وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆ لە دیمەنە شانۆییەکاندا، ئەم شێوازی ڕونکردنەوە ئامرازێکە لە ئامرازەکانی شانۆی فێرخوازی لای برێخت" (برێخت، ١٩٨٦). هەر بۆیە پێی وابووە، کە لە ڕێگەی شانۆوە دەتوانێت پەیام و فیکر و فەلسەفەکەی دەگەیەنێتە بەردیدی تاکەکانی کۆمەڵگە، هەرچەندە " برێخت خۆی لە چینێکی برژوا پەروەردە کرابوو، بەڵام شانۆکەی دژی برژوازیەت بوو، شانۆکەی گوتارێکی بەهێز بوو بۆ بەرگری کردن لە چینی کرێکاران" (ألیاس و قصاب، ١٩٩٧). تیۆرییەکانی شانۆی (برێخت) دەرئەنجامی قوڵی تێفکرین و قوڵبونەوەی بۆ نێو ستایلە شانۆییەکانی پێش خۆی بووە، بەتایبەتی تیۆرییەکانی درامیی ئەرستۆ، هەر بۆیە (برێخت) ، کە توێژینەوەیەکی وردی بۆ کتێبەکەی ئەرستۆ کرد، بەناونیشانی (هونەری شیعر) لە دەرئەنجامدا بۆی ڕونبۆوە، کە بیرو بۆچونەکانی ئەرستۆ ڕەنگدانەوەی فیکری ڕامیاریی سەردەمەکەی خۆی بووە، هەروەها هەستی کرد، کە پاڵەوانانی شانۆ تراژیدیەکان لە ڕوانگەی ئەرستۆوە هێمایەکن بۆ پیرۆزکردنی ئەو سیستەمەی، کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە بواری ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و فیکریی و دەرونی لێك جیا دەکاتەوە، کە ئەمەش لەگەڵ بیرو بۆچونەکانی (برێخت) دا پێچەوانە بۆوە.

برێخت هەمیشە بڕوای بە گفتوگۆ هەبووە، هەر بۆیە لەکاتی پرۆڤە کردن لەگەڵ ئەکتەرەکانی، تێبینیی هەمووانی بەلاوە گرنگ بوو، هەر بۆچوونێك خزمەتی شانۆکەی بکردبایە جێبەجێی دەکرد، بەردەوام هەوڵی دەدا " چەندین ڕوداوی پچڕ پچڕ بەیەکەوە ببەستێتەوە ولێکیان گرێ بدات ولەنێوانیاندا گۆرانی وموزیك بەکاربهێنێت، لەگەڵ بەکارهێنانی هۆکارەکانی فێربون لە کەرەستەکانی دیکۆر وئێکسسوار. وە دیکۆری شانۆییەکانی دور بو لە واقیع، بەڵکو دیکۆرێکی ڕەمزیی یان تەعبیری بو، کە لەنێوان دیمەنە شانۆییەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات" (بنتلی، ١٩٧٥). لە شانۆی (برێخت) دا پێویستە هەمو شتێك ڕاستگۆ بێت و، دور بێت لە پیاهەڵدان و دروست کردن، چونکە (برێخت) زۆر بە وردی لە بارودۆخی مرۆڤایەتی کۆڵیوەتەوە، بۆ نمونە لە شانۆیی (دایکە ئازاکە) دا جوتیارێکی هەژار لەگەڵ دایکی دێتە سەربازگەکە بۆ ئەوەی بەتەنیا پێویستییەکانیان بفرۆشێت، ئەم دیمەنە تەنیا ئەوە ڕون دەکاتەوە، کە لەکاتی جەنگدا جوتیارەکان تەنانەت نوێنەکانیشیان فرۆشتووە، لای (برێخت) بە گرنگی دەزانێت بینەر ئەم ڕوداوە ببینێت، کە لە گەرمەی کۆتایی جەنگدا ڕویداوە، کە ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە پێداویستییەکی گرنگی مرۆڤە. دایکە ئازاکە، چۆن سەیری ئەم (گونیە) ی دەکرد، کە کەرەستەی هەرە پێویستی خێزانەکەیانی تیابوو؟ سەرنجی دەدا چۆن کوڕەکەی بە پشتی هەڵیگرتبوو، ئەو گونیەیەی بەتانیە خۆشەویستەکانی تیابوو!، ئا لەم کاتەدا گوێبیست بوو، کە جەنگ کۆتایی هاتووە. ئیدی پێویست بە بەتانی فرۆشتن ناکات... چۆن جارێکی دی گونیەکەی بەرزکردۆتەوە. هەر بۆیە هەمو ئەو دیمەنانەی لە شانۆی (برێخت) دا نمایش دەکرێن.(هەورامی، ٢٠٠١) وانەی بەسودن و فیکر و خەیاڵی بینەر جۆش دەکات، بۆ ئەوەی لێکدانەوەی بۆ بکات، هەر بۆیە (برێخت) لە دەرهێنانی شانۆییەکانی خۆی لەوە بە دور گرتووە، کە هەموو شتێك ڕون بکاتەوە و، ئاوڕی لە حاڵەتی دەرونی ئەکتەریش داوەتەوە، ئەگەر لەبارێکی خۆشدا بوایە، بێ ئەوەی ئەکتەرەکەی ماندو بکات، هەموو ئەو دەورەی پێبینیوە، کە پێویست بووە پێشکەشی بکات، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکی دەرونی ناخۆشدا بوایە، (برێخت) داوای نواندنی سەختی لێ نەدەکرد، هەروەها لەکاتی پرۆڤەکانیشدا هەمیشە لەگەڵ ئەکتەرەکانی ڕوخۆش بووە، بەلایەوە گرنگ بووە، چێژی لێ وەربگرن، بۆ ئەوەی بتوانن داهێنان لە نواندندا بکەن، بەردەوام بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد، بۆ ئەوەی بەجوانی هەموو شتێکیان بۆ ڕون بکاتەوە، ئەکتەری وا هەبوو لە نمایشێکدا چەندین ڕۆڵی دەبینی، کە زۆر لە یەکدی جیاواز بون، هەروەها لەبەردەم بینەراندا جلوبەرگەکانیان دەگۆڕی، هەر بۆیە (برێخت) دیواری چوارەمی شانۆی لەنێوان ئەکتەر و بینەردا لابرد، چونکە لای برێخت بینەر ڕەخنەگرە و قسەی خۆی هەیە و، تەواوکەری نمایشە، بەشدارە لە نمایشی شانۆیی. (ستمسوخ، ٢٠٠٧). برێخت بڕوای وابووە، شانۆ بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە دامەزراوە، ئەو مرۆڤێك بووە، کە هزر و ژیریی و ڕاستییەکانی ماتریالیزمی دیالەکتیکی بۆ هەڵوێستی مرۆڤایەتیی گۆڕیوە.

## ٢.٢ نامۆبون (التغريب)

زاراوەی نامۆبون لە شانۆدا بۆ یەکەمجار لەلای نوسەر و دەرهێنەری ئەڵمانی (پرتۆڵد برێخت) بەکارهێنراوە، کە بەیەکێك لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی شانۆی داستانی (برێخت) دادەنرێت، بریتییە لە ڕزگار کردنی تەختەی شانۆ لە لەقالبدان و، ڕزگارکردنی بینەر لەژێر کاریگەریی هەست و سۆز و ڕۆچونی بۆ نێو دیمەنە شانۆییەکان، کە لە شانۆی تراژیدیای ئەرستۆ بینەری هێناوەتە گریان، بەمشێوەیە نامۆبون بەلای برێختەوە بریتییە لە " بەکارهێنانی سەرجەم ڕەگەزە تەکنیکی و هونەرییەکان، وەکو لابردنی دیواری چوارەم لەنێوان تەختەی شانۆ و بینەر، وە دورخستنەوەی ئەکتەر لە چونە ناو دەور (تقمص) ، وە دورکەوتنەوە لە وەهم و خەیاڵ و خۆگۆڕین، وە بەکارهێنانی تەکنیکی سەیر و سەمەرە لەناو دیمەنە شانۆییەکاندا، کە ببێتە شتێکی نامۆ و دور لە چاوەڕوانی بینەر بۆ ئەم مەبەستە (برێخت) هەمو کردارێکی نامۆیی بەکاردەهێنا، بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر بۆ نمایشی شانۆیی ڕابکێشێ و بەشداری بکات لە ڕوداوەکان و پرسیار و سەرنجی لا دروست بێت، وە ببێتە بەشێك لە پێکهاتەی نمایشی شانۆیی، هەر بۆیە پەنابردن بۆ چەمکی نامۆبون لای (برێخت) لایەنی تەکنیکیی هونەریی و ئامانجی ئایدیۆلۆژی لەپشتەوە بو وەکو تێڕوانینێکی فیکریی و هونەریی و ستاتیکی " (الياس وقصاب، ١٩٩٧) گواستنەوەی بینەر لەنێو جیهانێکی بەنجکراو بۆ نێو ئەو جیهانەی، کە بە هۆشیاریی و ئاگاییەوە دەڕوانێتە ڕوداوەکانی سەر تەختەی شانۆ، هەروەها لە بواری تەکنیکدا (نامۆبون) لای برێخت بریتی بووە، لە " دەرخستنی ئەم کەرستە نامۆییانەی کە

بەهیچ شێوەیەك لە خەیاڵی بینەردا نەبووە، ئەمەش لە ڕێگەی پارچەکانی دیکۆر و ئێکسسوار و ڕوناکی و جلوبەرگ و ئارایشت و دەمامك و میوزیك و کارتێکەرە دەنگییەکان، یان کەرەستەی هۆکارەکانی فێربون" (حمداوی، ٢٠١١). (برێخت) هەوڵیداوە ئامرازی (نامۆبون) بکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ گۆڕینی وێنەی دیمەنە شانۆییەکان، کە پەنای بردۆتە بەر چەندین ڕەگەزی نمایشکردنی تابلۆی ئاگادار کردنەوە یان فیلمی دیکۆمێنتاری و وێنەی کارتۆن و تابلۆی سەیر و سەمەرە و دەمامکی نامۆ و جیاواز لە دەمامکی تەقلیدی، لە ئامرازی (نامۆبون) دا هەوڵیداوە فەزای نمایش سەرنج ڕاکێش بێت، هەروەها بەردەوام لەنێوان دیمەنەکانی نمایش گۆڕانکاری ڕوبدات، تاکو بینەر دوچاری سەرسوڕمان بکات و، پرسیاری لەلا دروست ببێت. هەر خۆی لەنێو هزر و خەیاڵی خۆیدا، وەڵامی بداتەوە، چونکە کەسێتی حیکایەتخوان لای (برێخت) بریتی نەبوو لە گێڕانەوەی ڕوداوەکان بەشێوازێکی درامیی، بەڵکو شیکردنەوە بوو بۆ بەدەرخستنی ئامرازەکانی (نامۆبون) لەمیانی سەرجەم ڕەگەزەکانی تەکنیکی و هونەریی لە نمایشی شانۆییدا. (ألیاس وقصاب، ١٩٩٧). هەروەها بەهۆی ئامرازی (نامۆبون) چێژێکی سیحری دەبەخشیە نمایش لەسەر بنەمای فیکریی و هونەریی و ستاتیکیدا.

(نامۆبون) جگە لای (برێخت) وەك چەمکێکی فیکریی و هونەریی بەکارهێنراوە، لەهەمان کاتدا لەلای زانایانی فیکریی و فەلسەفی بە گرنگییەوە بایەخی پێدراوە. " جان جاك ڕۆسۆ، لەبواری (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دا دەڵێ: وەختێ نوێنەرانی گەل پاش هەڵبژاردنیان و دورکەوتنەوەیان لەوانەی کە دەنگی خۆیان دەدەنێ لەنێوانیاندا جۆرە نامۆییەك دروست دەبێت، ئیدی لە یەکتری دادەبڕێن و یەکتری نا ناسنەوە، هەروەها (مارکس) یش باسی نامۆیی کردووە: بەلای ئەووە (کار) سەرچاوەی هەموو بەرهەمێکە و تەوەری هەموو ژیانە... کە کرێکار لە ناچاریا خۆی بە کرێیەکی کەم بەسەرمایەدارێك دەفرۆشێ، واتە گەورە ترین بەهای ژیانی کەسێتی خۆی فرۆشت، واتە بوو بە ئامرازێکی بەرهەمدەر، ئەم ئامێرە شتێکە لەو شتانەی کە دەکەونە بەر یاسای (خستنەڕو و داواکردن) (العرض والطلب)، کە ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی نامۆبون" (هەورامی، ٢٠٠١).

نامۆبون لە شانۆی داستانی (برێخت) دا بریتییە لە گۆڕانکاریی ژیان، مرۆڤ پێویستە بەردەوام هەوڵبدات لەپێناو گۆڕینی ژیانی، ئەویش بە کار و کردەوەکانی خۆی، بەرپرسیاری خۆشیی و ناخۆشییەتی، بۆیە دەبێت هەوڵبدات بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی خۆی بگۆڕێت، بەم جۆرەش دەتوانێ هەمو جیهان بەرەو گۆڕانکاری ببات، هەروەها خۆشگوزەرانی ببەخشێت بە نەوەکانی پاش خۆی.

## ٣.٢ جیاوازیی ێوان شانۆی دڕامیی ئەرستۆ وشانۆی داستانی (برێخت)

| شانۆی دڕامیی ئەرستۆ | شانۆی داستانی برێخت |
|---|---|
| تەکنیك | گێڕانەوە |
| بینەر دەخاتە نێو کێشەی ڕوداوەکان | بینەر هۆشیار دەکاتەوە |
| بینەر لەکار دەخات | هێزی کارکردنی بەبەردا دەکات |
| هەست وسۆزی پێ دەبەخشێت | وای لێدەکات، کە بڕیار بدات |
| ئەزمونی ژیانە | وێنەی ڕاستەقینەی ژیانە |
| سروشی دەداتێ | بۆی شیدەکاتەوە |
| هەستەکانی بینەر دەپارێزێت | پێشڕەوی بینەر دەکات لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی |
| بینەر مەستی نێو ڕوداوەکان دەکات | وا لە بینەر دەکات لەڕوداوەکان بکۆڵێتەوە |
| مرۆڤ کێشەیەکی بەردەوام و نەبڕاوەیە | مرۆڤ لێکۆڵەر و لێبوردەیە |
| مرۆڤ هەر مرۆڤە و ناگۆڕدرێ | مرۆڤ دەگۆڕدرێ و توانای گۆڕانیشی هەیە |
| دیمەنەکان ئەڵقەیەکی لێك گرێدراون | دیمەنەکان سەربەخۆن |
| سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی هەیە | ڕوداوەکان پچڕ پچڕن |
| فیکر بەسەر بوندا زاڵە | بون بەسەر فیکردا زاڵە |
| بینەر گوێگرە | بینەر ڕەخنەگرە (الشرقاوی، ٢٠٠٢) |

## ٣. دەقی شانۆی داستانی

سەرجەم دەقەکانی شانۆی داستانی (برێخت) باس لە کێشەی مرۆڤ بە هەمو ئاراستە جیاوازەکانیانەوە دەکەن، چونکە لە دەقەکانی (برێخت) دا مرۆڤ خۆی چارەسەری کێشەکانی دەکات، کە ئەمەش بە پێچەوانەی شانۆی دڕامیی ئەرستۆیە، کە قەدەری مرۆڤ چۆن نوسراببێت دێتە پێشی، یان ڕودەدەن، چونکە (برێخت) لە دەقە شانۆییەکانیدا ئامانجی سەرەکی هۆشیارکردنەوەی بینەرە لە بەرامبەر ئەو نەهامەتیانەی بونەتە ڕێگر لە ڕەوتی ژیانیدا، هەروەها بونەتە هۆی دواکەوتنی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و سەرجەم بوارەکانی دیکە. دەقی شانۆی داستانی لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە بنیاتنراوە، کە مرۆڤ خاوەنی هەمو کاردانەوەکانییەتی، خۆی بەرپرسیاری خۆشی و ناخۆشییەکانییەتی، هەر خۆی دەتوانێت گۆڕانکاریی بەسەر ژیانی خۆیدا بهێنێت و، مەودای بیرکردنەوەی فراوان بکات. لە دەقەکانی شانۆی داستانیدا سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی نییە، هەروەها ڕوداوەکان بە ئاراستەی لوتکە ناڕۆن، بەڵکو چەندین ڕوداوی جیاجیا لەڕوی بابەت و کات و شوێن ئاوێتەی یەکتری دەبن و، دیمەنەکان سەربەخۆن، هەروەها مرۆڤ لەنێو دەقەکاندا کێشەیەکی بەردەوام و نەبڕاوەیە، چونکە" مرۆڤ لە ژیانیدا لەبەردەم تاقیکردنەوە دایە، هەر بۆیە پێویستە بۆ هەر بڕیاردانێك بیربکاتەوە و لە بڕیاردان پەلە نەکات، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەڵەی کرد، دەبێت باجی هەڵەکانی خۆی بدات، هەروەها بەرپرسیار بێت بەرامبەر هەموو ئەو کێشانەی، کە ڕوبەڕوی دەبنەوە" (هەورامی، ٢٠٠١). بۆ زیاتر ئاشنا بون لە شێوە نێوەڕۆکی دەقەکانی شانۆی داستانی لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا، باسی ڕوداوەکانی سێ دەقی شانۆی داستانی (برێخت) دەکەین، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. دەقی شانۆیی (دایکە ئازاکە):

ڕوداوەکانی ئەم دەقە شانۆییە لە کارەساتەکانی ئەو جەنگەی لە سەدەی حەڤدەهەمدا ڕویداوە وەرگیراون، کە " لە ساڵی (١٦٢٤) دا لە نێوان سوید و پۆڵەندا ڕویدا و ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو، لەم شانۆییەدا (برێخت) پێشبینی ئەوە دەکات، کە جەنگێکی تر ڕوبدات، کە جەنگ هەمیشە ماڵ وێرانییە بۆ سەر مرۆڤ و کۆمەڵگە، وە ئەم شانۆگەرییە ساڵی (١٩٣٩) نمایش کرا، ئەوەندەی نەخایاند جەنگی دووەمی جیهانی بەرپا بوو" (بنتلی، ١٩٧٥). پاڵەوانی ئەم شانۆگەرییە ناوی (ئانا فێرلینج) ە، و نازناوی (دایکە ئازاکە) ی وەرگرتووە، ئافرەتێکی داوێن پیسە و چەند مێردێکی کردووە، لەهەر مێردێکی منداڵێکی هەیە، کاری دێوەرەیە و بازرگانێکی چاپوك و ئازایە، گالیسکەیەکی هەیە، هەم دوکانیەتی و هەم ئارامگەیەتی، بەدوای لەشکری جەنگدا گالیسکەکەی دەهاژوێت و بژێوی خۆی و منداڵەکانی دابین دەکات، دەیەوێت منداڵەکانی بەهەر جۆرێك بێت بژێنێت و برسییان نەبێت، بۆیە دوای جەنگ کەوتووە، بەڵام بۆ ئەوەی کارەکەی هەر بەردەوام بێت و ئاگری جەنگیش بڵێسەکەی خامۆش نەبێت، دەبێت سوتەمەنی بۆ جەنگ ئامادەبکات، هەمو منداڵەکانی یەك لەدوای یەك بونە خۆراك و قوربانی، یەکێك بەناوی ئازایەتیی و ئەویدیکە بەناوی نەبەزیی و یەکێکی دی بەناوی نەمری...ئیتر" دایکە ئازاکەش پاش بڕانەوەی جەنگ بەدەستبەتاڵی گالیسکە شەق و شڕو وڕەکەی لەدوای سوپای شکاودا ڕادەکێشێ و دەستی لە هەمانەکەی دەرچووە، دوکانی حەتاڵ بەتاڵ، نە منداڵەکانی، نە شت و مەکەکانی هیچی نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆڕاگرە و نە چەماوەتەوە و نە بەزیوە" (هەوارامی، ٢٠٠١).

DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp32-38

٢. دەقی شانۆیی یەکێك بەڵێ، یەکێك نا ):

دیمەنی گوندێکی شاخاوییە، نەخۆشییەکی کوشندە بڵاوبۆتەوە، مامۆستای قوتابخانەی گوندەکە قوتابییەکانی ئامادە دەکات، کە بەکۆمەڵ بڕۆن لەو دیو شاخەکە لای دکتۆرەکان دەرمان بهێنن، هەمو دەکەونە ڕێ، منداڵێك دەکەوێتە تەك قوتابییەکان، بۆ ئەوەی ئەویش سەبارەت بە نەخۆشییەکەی دایکی پرسێك بە دکتۆرەکان بکات، ئەم منداڵە لە نیوەی ڕێدا نەخۆش دەکەوێت و توانای ڕۆیشتنی نامێنێت، پەکی دەکەوێت" قوتابییەکان کە دەزانن ئەو منداڵە توانای ڕۆیشتنی نەماوە، پرسی پێ دەکەن، کە ئایا بەجێی بهێڵن، بۆ ئەوەی ئەوان بڕۆن و، دەرمانەکان بهێنن. منداڵەکە دەڵێت ڕازیم بەجێم بهێڵن، بەڵام داوا لە هاوڕێ قوتابییەکانی دەکات، کە هەر لەوێ بیکوژن، بۆ ئەوەی پاش ئەوان بەتەنیا نەمێنێتەوە و، لەو نێوچە شاخاوییە سەختە بەزەلیلی نەمرێ، ئیتر قوتابییەکان دەیکوژن و فڕێی دەدەنە نێو خەرەندێکەوە، بە سرود گوتن ملی ڕێ دەگرن و لە شاخەکە ئاودیو دەبن. کە قوتابی قوتابخانەکان سەیری ئەم شانۆگەرییەیان کرد، زانیان مانایەکی ناهەموار و نامرۆڤانە و بێ بەزەییانەی تیایە، هەمو دەنگی ناڕەزاییان دەربڕی، هەر بۆیە (برێخت) ناچار بوو، ئەم شانۆگەرییە بەجۆرێکی تر تەواو بکات و ناوی لێ بنێ (یەکێك نا ) " (بنتلی، ١٩٧٥ ). ئەم جارەیان مامۆستای قوتابخانەی گوند کاروانی بۆ دەرمان هێنان ڕێکنەخست، بەڵکو بۆ پشکنین و زانیاریی ڕێك دەخات، لەبەرئەوەی داب و نەریت ڕێگە نادات، کە منداڵ فڕێبدرێتە خەرەندەوە، ئەگەر بکەوێت یان نەخۆش بکەوێت، هەر بۆیە (برێخت) بەجۆرێکی هۆشیارانە توانی لەم گرفتە، کە جاری یەکەم تێی کەوتبوو، لە جاری دووەمدا خۆی لێ ڕزگاربکات، ئەوە بوو بۆچوونی یەکەمی ڕەفز کردەوە، منداڵەکە لەجیاتی ئەوەی لێیان بپاڕێتەوە، بۆ ئەوەی بیکوژن، بۆ ئەوەی زەلیل نەبێت، پێیان دەڵێت: " برایان من پێویستم بە هاوکاریی ئێوە هەیە، نامەوێت بەجێم بێڵن، دەبێت لە هەمو ڕوداوێکدا بیرکردنەوە و هۆشیاری و هەڵوێست هەبێت، وە پەندی لێ وەربگرین، لەو کاتەدا مامۆستاکە کە پێشەنگی کاروانەکەی بەدەستە، بە قوتابییەکان دەڵێت ئەم منداڵە بخەنە سەر شانتان و نابێت بەجێی بهێڵن، کە ئەمەش هەڵوێستێکی مرۆڤانەیە و ئەرکی سەر شانی سەرجەم مرۆڤەکانە " (هەورامی، ٢٠٠١ ).

٣. دەقی شانۆیی (ڕێساو لەڕێسا بەدەر- القاعدة والاستثناء):

کورتەی ڕوداوەکانی ئەم شانۆگەرییە" بۆ بازرگانی کردن، پیاوێکی بازرگان لەگەڵ کۆڵهەڵگر و پیاوێکی بەڵەددا ڕو لە سارایەکی پان و بەرین دەکەن، لەبەرئەوەی پیاوە بەڵەدەکە بەزەیی بە کۆڵهەڵگرەکەدا دێتەوە، کابرای بازرگان دەریدەکات...ئیتر لەبەر نا بەڵەدی لەتەك کۆڵهەڵگردا لەو دەشتە وێڵدەبن، ئاویان لێ دەبڕێ، کۆڵهەڵگر بڕێك ئاوی پێ دەمێنێ، دەیەوێ دەرخواردی بازرگانەکەی بدات، لێی نزیك دەبێتەوە، ئەویش وادەزانێ کە دەیەوێ بیکوژێ، کە بازرگانەکە دەبەنە دادگا لەوێ دەردەکەوێ، کە کۆڵهەڵگرەکە نیازی پاك بووە و ویستوویەتی یارمەتی بازرگانەکە بدات،. نەك بیکوژێ، بەڵام مرۆڤ دەبێ هەمیشە لەتەك ڕێسا دابێت، نەك لەتەك بواردن(الاستثناء) " (بینتلي، ١٩٧٥ )

برێخت، لەم شانۆگەرییەدا پێمان دەڵێت، کە پێویستناکات مرۆڤ چاوەڕوانی هاتنە خوارەوەی یارمەتی ئاسمان بکات، کەواتە تاکە پارێزگاری لە خۆکردن بەکارنەهێنانی توندوتیژییە، لە جیهانێکدا، کە هەموی ستەمو چەوسانەوەیە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چاکە کردن ڕێگەی لەنێوچون و فەوتاندنە، لەو شوێنەی کە ستەمکاریی تێدایە، کەواتە بەزەیی پێدا هاتنەوە شتێکی دەگمەنە و دەرچونە لە یاسا، دەرمانی ئەم دەردەش هەر شۆڕشە، چونکە تەنها شۆڕش دەتوانێ ئەم جۆرە ستەمە زیندەبەچاڵ بکات و کۆتایی پێ بهێنێت.

### ١.٣ کاریگەریی ستایلی شانۆی داستانی (برێخت) لە نمایشی شانۆی کوردیدا

هونەری شانۆ لە کوردستان وەك هەموو هونەرە جوانەکانی دیکەی وەکو (شێوەکاریی، میوزیك، پەیکەرتاشی، تەلارسازی و هونەری کارەدەستییەکان لەڕێگەی وڵاتانی خۆرئاواو وڵاتانی دراوسێ گوستراوەتەوە، کە لەنێوەڕاستی سەدەی بیستەم قۆناغ بە قۆناغ هاتە پێشەوە، سەرەڕای ئەوەی کە میللەتی کورد هەمیشە ژێردەستەی ڕژێمەکان بووە، کە لە ئێراقدا حوکمیان گێڕاوە، هەروەها بەردەوام هەوڵیانداوە ڕێگر بن لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتن، بەڵام میللەتی کورد لەپێناو بەردەوامیی ژیان و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی چەندین شۆڕشی بەرپاکردووە و، قوربانیی زۆری داوە. بزوتنەوەی شانۆی کوردیی، کە لە دیوەخان و حوجرەکانەوە دەستی پێکردووە، پاشان لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان لەسەر شانۆیەکی سادە و ساکار لەدوای سازدانی ئاهەنگی گۆرانی و میوزیك شانۆ پێشکەش کراوە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ سەر تەختەی شانۆی قوتابخانەکان، کە لە ئاهەنگەکانی قوتابیان نمایشی شانۆیی پێشکەشکراوە، دواتر لەسەر دەستی هونەرمەندانی خۆبەخش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بۆتە بەشێك لە کلتوری نەتەوایەتیی و بینەرێکی بەرچاوی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر باسی هونەری شانۆی نوێ بکەین، کە دەکرێت ناوی ببەین بە قۆناغی خۆدۆزینەوە، کە مێژووەکەی بۆ دوای دەرچوونی بەیاننامەی ئازاری، ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، کە سەرکردایەتیی کورد لەو سەردەمەدا دەروازەیەکی گرنگی خستە بەردەم ڕۆشنبیران و هونەرمەندان، بۆ ئەوەی لە کەش و هەوایەکی ئازادیدا درێژە بە خەباتی هونەریی کوردی بدەن، لەسەر دەستی هونەرمەندانی ئەو سەردەمە، هەر لەو سەردەمەدا چەندین تیپی هونەریی شانۆیی لە شارەکانی کوردستان دامەزران، هەروەها پۆلێك لە قوتابیانی هونەری شانۆ لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەرەجوانەکانی بەغدا بڕوانامەیان وەرگرت، لەوانەش (سەفوەت جەڕاح، تەلعەت سامان، ئەحمەد سالار، بەدیعە دارتاش، فەرهاد شەریف، عوسمان چێوار، سەباح عەبدولڕەحمان، حیکمەت هیندی، زوهێر عەبدامەسیح و سەعدون یونس و...هتد). هاوکات چەندین هونەرمەندی دیکە هاتنە نێو بواری شانۆ، دواتر هەوڵیاندا، لێرە و لەوێ دەستی هەندێك لە ئافرەتان بگرن و بەشدارییان لە نمایشی شانۆییدا پێبکەن.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول شانۆکاران دەستەوەستان نەوەستاون، بەڵکو بە ڕۆحێکی نیشتیمانپەروەرانە ڕوبەڕوی هەموو فشارێکی دەرونی بونەتەوە و چۆکیان دانەداوە، بەڵکو ئەسپی خۆیان تاوداوە لەپێناو بەرزڕاگرتنی هونەری شانۆ و، توانیان لەسەر بنەمایەکی فیکریی و هونەریی و ستاتیکی چەندین نمایشی سەرکەوتو پێشکەش بکەن، کە هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیك و تەکنەلۆژیا لەسەر ئاستی جیهانیی و لە کوردستانیش چەندین هۆڵی شانۆیی نوێ دروستکران و هونەرمەندانی شانۆ لە هەمو شار و شارۆچکەکان کەوتنە پێشبڕکێ لەپێناو بەرزڕاگرتنی هونەری شانۆ، هەروەها بینەرێکی ئێجگار زۆر بەرەوپیری شانۆ هاتن، هەر بۆیە ئەم قۆناغە ناو دەبرێت بە سەردەمی زێڕین، ئەوەی شایانی باسە نمایشە شانۆییەکان لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی شانۆی واقیعی (ستانسلافسکی) و شانۆی داستانی (برێخت) و دواتریش لە هەشتاکان شانۆی ئەزمونگەریی سەریهەڵدا. ئەوەی مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر، کاریگەریی شانۆی داستانی (برێخت) ە، لە نمایشی شانۆی کوردییدا.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp32-38

لەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان و تەنانەت دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ چەندین دەرهێنەری کورد کاریان لەسەر دەقە شانۆییەکانی (برێخت) لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا کردووە، چونکە فیکر و فەلسەفە و تیۆرەکانی شانۆی (برێخت) تاوەکو ئەمرۆش گەڕانە بەدوای فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵگە، هەروەها دەروازەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەدوای ژیاندا بگەڕێت، هەر بۆیە شانۆی داستانی (برێخت) لە بزوتنەوەی شانۆی کوردیدا ڕۆڵی گرنگی بینیوە، لەشێوە و نێوەرۆکدا، هەروەها لەسەر ئاستی تێکست و دەرهێنانددا، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش شانۆی داستانی (برێخت) لە سەرتاپای جیهان هەر بە زیندویی ماوەتەوە و، چەندین دەرهێنەری ناسراوی جیهانیی بەشێوازێکی ئەزمونگەرییانە و سەردەمییانە کاری لەسەر دەکەن، هەروەها ئەو قوتابخانەیە بۆتە سومبولێك لە نێو ستایلە شانۆییە جیهانییەکاندا. تەنانەت شانۆی ئاهەنگ سازیی هونەرمەند (ئەحمەد سالار)، کە ساڵانێکە جێگای خۆی لەنێوەندی شانۆی کوردیدا کردۆتەوە، لەژێر کاریگەریی شانۆی داستانی (برێخت)دا سەریهەڵداوە، هەروەها بینەر ساڵانێکە جێگای خۆی لەنێوەندی شانۆی کوردیدا کردۆتەوە، لەژێر کاریگەریی شانۆی داستانی (برێخت) دا سەریهەڵداوە، هەروەها بینەری شانۆی کوردیی هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ، پێشوازییەکی گەرمی لە شانۆی داستانی (برێخت)کردووە، هەروەها شانۆی داستانی (برێخت) لە نێوەندە ئەکادیمییە هونەرییەکانی کوردستانیش لەسەر بنەمایەکی فیکریی وهونەریی و ستانیکی دەخوێندرێت و، سەرچاوەیەکی گرنگی شانۆیە، وەکو تیۆرێکی شانۆیی سەربەخۆ و ناسراو.

بۆ ئەوەی ئەو کاریگەرییە لەسەر شانۆی کوردیی بەدیاربخەین و بیسەلمێنین، بەهێنانەوەی نمونەی شانۆیی بابەتەکەمان دەوڵەمەندتر دەکەین. یەکێك لەو نمونانە بریتییە لە شانۆیی (هەبو نەبو)، نوسینی (قاسم محەممەد)، ئامادەکردن و دەرهێنانی (سەباح عەبدولڕەحمان)، کە لە ٢٦ / ٣ / ١٩٨٠ لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر نمایشکراوە. نێوەرۆکی دەقی شانۆییەکە، ڕوداوەکانی ئەو نمایشە باسی لە کەسێکی تەمبەڵ دەکرد، کە لەگەڵ دایکێکی نەخۆش و پەککەوتەدا دەژی، دایکەکە داوا لە کوڕەکەی دەکات بچێت بۆ بازاڕ، بۆ ئەوەی ماشی بۆ بکڕێت، بەڵام ئەو لە ڕێگای بازاڕ ناوی ئەو خواردنە لە بیردەکات، توشی چەندین کەس دەبێت، کە هەمویان سەری لێ دەشێوێنن و فێڵی لێدەکەن، پارەکەی لەدەست دەردەهێنن و کاتێکی زۆری لێ بەفیرۆ دەدەن، کاتێك کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دەبینێت دایکی مردووە، هەر بۆیە، بێ کەس و کار دەمێنێتەوە، دەکەوێتە نێو ژیانێکی ناخۆش، خەڵکەکە بە هەمو شێوازێك یاری بە عەقڵی دەکەن و، ژیانی لێ تاڵ دەکەن.

دەرهێنەر لەم نمایشە شانۆییەدا بە شێوازی شانۆی داستانی(برێخت) ی ئەم شانۆییەی نمایشکردووە، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی حیکایەتخوان و لاوك و گۆرانی لەنێو دیمەنە شانۆییەکاندا، ئەکتەرەکانی ئەو نمایشە ڕۆنەچوبونە نێو ڕۆڵەکانیان و، بەئاگابون لە ڕۆڵبینینیاندا، لەهەمان کاتدا دیواری چوارەم لەنێوان ئەکتەر و بینەردا لابردرابوو، هەر بۆیە بینەر بەشێك بو لە پێکهاتەی ئەو نمایشە و بەشدارییەکی کاریگەری هەبوو، دەرهێنەر لەو نمایشەدا چەندین ئامرازی ڕونکردنەوەی بەکارهێنابو، وەکو هۆکاری فێرکردن (وسائل تعلیمی) بۆ شیکردنەوەی ڕوداوەکان، هەروەها ڕوداوەکان پچڕ پچڕ بون و زنجیرەیی نەبون، تاکو یەکتری تەواو بکەن، هەروەکو لە شانۆی درامییدا هەیە، لەڕوی ئایدیۆلۆژیاوە بینەری کورد و کۆمەڵگەی کوردەواریی هەمیشە لەژێر زەبروزەنگی دوژمندا بووە و چەوساوەتەوە، هەر بۆیە دەرهێنەر کەسێتیی (ڕەجەب)، کە هونەرمەند (سەعدون یونس) ڕۆڵی ئەداکردبوو، نمونەیەك بو لەو مرۆڤانەی کە لەژیاندا لە زۆر شت بێبەش کرابون و، چەوساونەتەوە، بونەتە قوربانی دەستی ڕۆژگار، لەڕوی هونەرییەوە سینۆگرافیای شانۆییەکە بەشێوازی شانۆی داستانی (برێخت)ی کاری لەسەر کرابو، کە دیکۆری شانۆییەکە بەتەواوی جیاکرابۆوە لە شانۆی درامی یان شانۆی واقیعی، پارچەکانی دیکۆر وەکو ڕەمز بەکارهاتبون، هەروەها لەنێوان دیمەنەکاندا لاوك و حەیران و گۆرانی بەکارهێنرابوو، کە گوزارشتیان لە ڕوداوەکانی نێو نمایشەکە دەکرد، لەسەر بنەمایەکی هونەریی جلوبەرگی ئەکتەرەکان ڕاستەوخۆ لەبەرچاوی بینەر دەگۆڕدران، ئەکتەرەکان چەندین ڕۆڵی جۆراوجۆریان دەبینی، وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانیان پیشاندەدا، وایان لە بینەر کردبو، کە بیربکەنەوە و شیکردنەوە بۆ ڕوداوەکان بکەن. لەم نمایشەدا چەندین قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی کوردیی بەکارهێنرابون، وەکو وانەیەکی فێرکاریی لەسەر زاری ئەکتەرەکانەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا سودی لێوەربگرێت. (طاهر: ٢٠١٠).

شانۆیی (هەبو نەبو)، کە بە شێوازی شانۆی برێختی پێشکەشکرابوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فیکر و خەیاڵی بینەراندا دروستکردبو، کە تاکو ئێستاش لە زاکیرەی بینەراندا ماوەتەوە، کە ئەو نمایشەیان لەسەر تەختەی شانۆ یان شاشەی تەلەفزیۆندا بینیوە.

نمونەیەکی دیکەی ئەو کاریگەرییە بریتییە لە شانۆیی (نالی خەونێکی ئەرخەوانی)، نوسین و دەرهێنانی (ئەحمەد سالار) کە لە ١٩٨٧/٣/٢٨، لەسەر شانۆی هۆڵی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی نمایشکراوە، چیرۆك و ڕوداوەکانی نمایشەکە باسیان لە ڕوداوێکی مێژوویی دەکرد، کە باسی شاعیری کوردی دورە وڵات (نالی) بو، لەسەرەتادا لە ڕێگەی گەڕانەوە(فلاشباك) بۆ نێو جیهانی عیشق و ئەوین بۆ باوەشی خاك و نیشتیمان دەگەڕێتەوە، پانۆرامایەکە ڕەنگدانەوەی ڕوداوەکانی رابردووە، گەڕانە بەدوای (حەبیبە) دا، کە لە سەردەمانێکی زودا عاشقی بووە، وەکو ڕەمزێك و خەونێکی لەمێژینەیە، دوای ئەوەی چەند ساڵێك لە غوربەتدا ژیاوە و ڕوی لە وڵاتی شام کردووە، ڕوداوەکان دەگەڕێنەوە، بۆ سەردەمی میرنشینی بابان، کە چەندین کەسایەتیی ئەو سەردەم لە پیاو ماقوڵ و کاربەدەست و جوامێران جارێکی دیکە دێنەوە سەر شانۆ و ڕۆڵی خۆیان دەبینن، ئەمەش لە ڕێگەی حیکایەتخوان و بەشداری پێکردنی کۆرس و دابەشکردنی دیمەنەکان بۆ چەند ڕوداوی جیاجیا، کە لە ڕێگەی شیعر و گۆرانی و بەستە و لاوك و حەیران و سیاچەمانە و مەقاماتەوە لە کەش و هەوایەکی ئاهەنگسازیدا بە ستایلی شانۆی (برێخت)ی ئەم نمایشە پێشکەشکرا، دەرهێنەر (ئەحمەد سالار) وەکو ئامرازەکانی دیکۆر و ئێکسسوار و بەستنەوەی ڕوداوەکان لە مێژوی سەردەمی میرنشینی بابان، وەکو ڕەمز چەندین کەرەستەی فۆلکلۆری بەکارهێنابو، وەکو هێمایەك بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕابردو و ئێستادا، ئەم نمایشە لەنێوەڕاستی هۆڵێکی ئەزمونگەریی نمایشکرا، کە بینەران لەچوار دەوری نمایش کۆکرابونەوە و بەشدارییەکی کاریگەریان لە بیناکردنی ڕوداوەکان و وێنەی دیمەنەکان هەبو، حیکایەتخوان ڕوداوەکانی دەگێڕایەوە و ئەکتەرەکانیش چەندین ڕۆڵیان دەبینی و لەبەرچاوی بینەران جلوبەرگیان دەگۆڕیی و لە ڕێگەی ئامرازەکانی فێرکاریی و میوزیك و گۆرانی ڕیتم و ڕوداوەکان هەرجارەی بەشێوازێکی جیاواز بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات، شانۆیی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی)، بەتەواوەتی لە شانۆی درامی دورخرابۆوە و لەژێر کاریگەریی شانۆی داستانی (برێخت)دا پێشکەشکرا.(سالار، ١٩٩٩).

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەوا بەشێك لە دەرهێنەرانی کورد بەتایبەتی لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان بەتەواوەتی کەوتبونە ژێر کاریگەریی ستایلی شانۆی (برێخت)، لە بواری نوسین و دەرهێنان و نواندن و تەکنیکی هونەریی، بینەرانیش بەخوێندنەوەیەکی فیکریی و فەلسەفیی هونەریی پێشوازییان لەو قوتابخانە شانۆییە دەکرد، کە گەڕانە بەدوای کێشەکانی مرۆڤ و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ زامنکردنی ژیان و خۆشگوزەرانی، لەپێناو پەروەردەکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بەرهەمهێن، کە بتوانێت بەشێوەی تاك و کۆ لەنێو فەزای کامەرانیدا ڕۆڵی خۆی ببینێت، شانۆی داستانی چەمکێکی فیکریی و هونەریی باڵایە بۆ گەیشتن بە هیواو ئامانجەکانی مرۆڤی سەردەم لەڕێگەی شانۆیەك، کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرنە بەدوای ئامانجەکاندا دەگەڕێت، کە پەیامی سەرفرازییە.

## ٢.٣ کاریگەریی شانۆی داستانی لەسەر بینەری کورد

ڕەگەزەکانی نمایشی شانۆیی بریتیین لە (دەق، ئەکتەر، دەرهێنەر، تەکنیکی هونەریی و بینەر)، ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، بریتییە لە (بینەر)، وەکو ڕەگەزێکی گرنگ لە پێکهێنانی نمایشی شانۆییدا. دەرهێنەر کاتێك دەقێك هەڵدەبژێرێت، کە لەلایەن بینەرەوە خواستی لەسەر بێت، هەروەها گوزارشت لە کێشەکانی مرۆڤ (بینەر) لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و ڕامیاریی و دەرونیی...هتد بکات، ئەگەر ئاوڕێك لە بینەری شانۆی کوردی لە قۆناغی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردو بدەینەوە، دەبینین، هەمیشە بینەر مافی خوراوە و ژێردەستە بووە، هەر بۆیە شانۆ یەکێك بووە لە دەروازەکان بۆ دەربڕینی بیر و فیکر و فەلسەفەی مرۆڤانە و سارێژکردنی برین و ئازارەکانی جەماوەر (بینەر) ، کەواتە "شانۆی داستانی (برێخت) شانۆیەکی فیکری و فەلسەفی و ستاتیکیە، هەمیشە بەدوای ئەو ڕێگەچارە بابەتییانەدا دەگەڕێت، کە بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دەکات، وە هەمیشە (برێخت) باوەڕی وابووە، کە کێشەی مرۆڤ لەسەر زەمیندا کێشەیەکی نەبڕاوەیە و ململانێکان بەردەوامن، وە هەر مرۆڤیش دەتوانێت پەنجە لەسەر ئازارەکانی دابنێت و چارەسەریان بکات لەڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندن" (الشرقاوي، ٢٠٠٢). زۆر لە دەرهێنەرەکانی شانۆی کوردی کاریان لەسەر نمایشی شانۆی داستانی (برێخت) کردووە، لەوانە " ئەحمەد سالار، عوسمان چێوار، فەرهاد شەریف، فتاح خەتاب، صباح عبدالرحمن، یوسف عوسمان، زاهیر محمود، ایام اکرم، ارسلان درویش، د. ژیلوان تاهیر، زرار مصطفی رواندزی، د.صالح برێخت..هتد" (محمد، ٢٠٠١). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تیۆری شانۆی (برێخت)کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شانۆکاران و بینەری شانۆی کوردی هەبووە، چەمکی بیر و فەلسەفەی (برێخت) زۆر نزیك بووە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵی کوردیی، هەرچەندە (برێخت) کەسایەتییەکی چەپڕەو بووە و، لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی (مارکس)دا توانیویەتی بیر و بۆچوونەکانی ئاوێتەی شێوە و ناوەڕۆکی فەلسەفەی شانۆی هاوچەرخ بکات، و لە قالبێکی فیکریی و هونەریی و ستاتیکیدا دارشتنی بۆ بکات، هەروەها هەناسەیەك یان دەرگایەکی گرنگ بووە، بۆ قوڵبونەوە بۆ نێو کێشەکانی مرۆڤ لەسەردەمی گەشەی تەکنەلۆژیادا، کە مرۆڤ تیایدا وەکو ئامرازێکی تەکنیککار بەکارهێنراوە، لە شانۆی داستانیدا بینەر و نمایشکاران دو جەمسەری گرنگن کە ڕوبەڕوی یەکدی دەبنەوە، هەروەها هەردوو لایان هێزێکی فیزیکی و وزە بەخش پێکدەهێنن، بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئەنجامەکان، چونکە بینەر لە شانۆی داستانی ڕەخنەگرە، هەروەها خاوەنی بڕیار و دەسەڵاتە، هەر بۆیە (برێخت) دیواری چوارەمی لەنێوان نمایشکاران و بینەراندا نەهێشت و هەڵیگرت، ئەمەش وەکو دیاردەیەکی (نامۆ) دەبینرا، هەر بۆیە بینەری کورد هەمیشە پێشوازییەکی گەرمی لە نمایشی شانۆ بەشێوازی (برێخت) کردووە، هەروەها بەشێك بووە لە موماره‌سەکردنی بڵێسەی شۆڕش، یان شۆڕشی شانۆیی، چونکە شانۆی داستانیی گەورەترین شۆڕشی هونەریی بووە، بۆ هۆشیار کردنەوەی جەماوەر (بینەر) ، کە بتوانن بیر و هێز و ئەندێشە و خەیاڵیان لەپێناو سەروەرییەکانی مرۆڤدا جۆش بدەن، هەروەها کارکردن بۆ چاککردنی ژیان و بژێوی مرۆڤەکان، و سەروەرییەکانی مرۆڤدا، هەر بۆیە زۆر جار دەقە شانۆییەکانی (برێخت) لەسەردەمی ڕژێمی بەعس لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندن و مۆڵەت پێدان ڕەتدەکرانەوە، چونکە زۆر جار دوای نمایشەکانی شانۆیی ئاڵۆزیی و خۆپیشاندان دروست دەبو و، چەندین جار دەرهێنەر و ئەکتەرەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکراو سزا دەدران.

## ٤. ئەنجامەکان

١. شانۆی داستانی (برێخت)کاردانەوەیە لەبەرامبەر شانۆی درامیی، کە پابەندە بە تیۆرەکانی (ئەرستۆ).

٢. زاراوەی نامۆبون (التغريب)، بۆ یەکەمجار لە شانۆی داستانیی (برێخت)دا سەریهەڵداوە، لە شێوەو ناوەرۆکدا بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی هونەریی.

٣. لە شانۆی داستانیی (برێخت)، مرۆڤ بەردەوام، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی لە پێناو زەمینە خۆشکردن بۆ خۆشگوزەرانیی ژیان بەدوای ڕێگە چارەدا دەگەڕێت.

٤. ڕوداوەکانی ئەم شانۆییە تەواوکەریی یەکدی نین، بەڵکو لە چەندین ڕوداوی جۆرا وجۆر پێکهاتون، میوزیك ودیمەنەکان لێکجیا دەکانەوە، وەکو تەکنیکی مۆنتاژ لەنێوان ڕوداوەکان.

٥. شانۆی داستانیی (برێخت)لێناگەڕێ بینەران بچنە نێو کەش وهەوایەکی دەرونی، کە هەست وسۆز بەسەریدا زاڵ بێت، بەپێچەوانەوە پێویستە بینەران بەئاگا ورەخنەگر بن.

٦. حیکایەتخوان (گێڕەرەوە) ڕۆڵی گرنگ لە شانۆی داستانی (برێخت) دا دەبینێت، بەشێوەیەك کە ڕوداوەکان شیدەکانەوە.

٧. شانۆی داستانی (برێخت)لە شانۆی کوردییدا کاریگەریی زۆری هەبووە، لەسەر دەرهێنەر وئەکتەر وبینەران و، چەندین دەرهێنەری کورد کاریان لەسەر ئەم شێوازە شانۆییە کردووە و، تا ئەمرۆش هەر بەردەوامی هەیە.

## ٥. سەرچاوەکان

بریخت، برتولد، ١٩٨٦ ، النظرية السياسية والممارسة الادبية، ترجمة.كامل يوسف حسين، بغداد، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤن الثقافية العامة، ص٥١.

بريخت، برتولد، بدون تاريخ، ظرية المسرح الملحمي، عالم المعرفة، بيروت، ص ٢٣٠.

بنتلي، اريك، ١٩٧٥ ، ظرية المسرح الحديث، ت. يوسف عبدالمسيح ثروت، بغداد، دار الشؤن الثقافة العامة، ص٩١، ٩٣، ٩٥، ٩٦.

حاجی، مەغدید، ١٩٩٨ ، یادی سەد ساڵەی (پرتۆڵد برێخت)، هەولێر، گۆڤاری رامان، ژمارە (٢٢)، ل ١٠٣.

حمداوي، جميل، ٢٠٠١ ، الاخراج المسرحي، الشارقة، الهيئة العربية للمسرح، ص٦٠.

سالار، ئەحمەد، ١٩٩٩ ، شانۆی سالار، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری، ل ٣٩٢.

الشرقاوي، جلال، ٢٠٠٢، الاسس في التمثيل وفن الاخراج المسرحي، القاهرة، مطابع الهيئة المصرية للكتاب، ص٢١٧، ٢١٨، ٢١٩، ٢٢٠.

صلحيه، نيهاد، ١٩٩٧ ، تيارات المسرحية المعاصرة، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ص١٦٥.

طاهر، زيلوان، ٢٠١٠، الاتجاهات الاخراجية وأثرها في العرض المسرحي الكوردي، اربيل، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، ص١٤، ١٥.

كلوفين، فكتور، ١٩٧٢ ، ترجمة.عزيز جواد، مجلة المسرح والسينما، عدد (٦)، ص٣٠.

محمد، محسن، ٢٠٠١ ، مێژووی شانۆی کوردی، هەولێر، گۆڤاری رامان، ژمارە (٥٨)، ل ٢٦.

مسوخ، احمد، ٢٠٠٧ ، اتجاهات في المسرح الاوروبي المعاصر، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، امة للكتاب، ص١٠٣.

هەورامی، حەمە کەریم، ٢٠٠١، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، هەولێر، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، ل ٢٨٧، ٢٨٩، ٩٩٠.

الياس، ماري وقصاب، حنان، ١٩٩٧ ، المعجم المسرحي، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، ص١٣٩، ١٤٠، ٤٥١، ٤٥٨.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp32-38